# بۆ بەختیار کەریم..منیش عیراقی نیم؟!

ئاسۆعەبدوللەتیف

بەدوای ووتارە رەخنەییەکەی بەرێز بەختیار کەریمی هاوسایتم لە دەنگەکان بۆ جەنابی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە هەموومانی کردوە بە عیراقی بەتایبەتی کوردەکانی تاراوگە، منیش ئەم سەرنجانەم هەیە ئەگەرچی پێش چەند هەفتەیەك و لە یادەوەری ئەنفالدا لە ژمارە 176 ی 2006/4/15 لە ناواخنی نوسینێکمدا بە ناوی (ئینتیماو ریکلام فۆرمێکی تری ئەنفال) لە رۆژنامەی هەواڵ و سایتی دەنگەکان بڵاوم کردەوە، تیایدا قسەم لەسەر ئەو پرسەکردوە کە ئێمە عیراقی نین؟! بەپێویستم زانی هەر ئەو دیدو سەرنجانە ببێتە ئارگیومێنت و گفتوگۆیەکی گەرم لە شەقامی کوردیدا، هەرچەندە من زۆر لەوە رەشبینترم کە کورد شەقامی هەبێ و دیاردە و چەمکگەلێکی وەها بوروژێنێ و هەڵوەستەی پێ بکات بۆ گۆرانکاری، چونکە گرفتەکە لەوەدایە ئەو ووتارەی من و سەدانی وەك ووتارەکانی کاك بەختیاریش نە دەسەڵات ئەوروژێنێ و نە شەقام و نەهیچ، بۆیە گرنگە (دەنگەکان)یش هاوکاریمان بکات تا ببێتە دیالۆگی جدیی و ووتاری بەرەیی و سیستماتیك لەسەر ئەو پرسە کە من ناوم ناوە ئەنفالی مۆدێرن، چونکە ئەوەی کە کوردێك بە عیراقی یان سوری یان تورکی یان ئێرانی بزانێ شوورەییە باس لە دەوڵەتی نەتەوەیی و خاکی یەکپارچەیی کوردستان بکات.

من بڕوایەکم هەیە هیچ نەتەوەیەك نییە وەکو کورد بێخەم بێت لە ئاست لاوازی گوتاروئینتیمای نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی خۆیدا، ئەم لاوازییە پڕاوپڕ سەرکردایەتی کورد لێی بەرپرسیارە و بەتایبەتی(تاڵەبانی و بارزانی یان بارزانی و تاڵەبانی!!) بۆ نمونە ریکلامێکی عەرەبی شۆڤێنی دژ بەکورد هەیە کە کۆمسیۆنێك لە بەغداوە رێکیان ئەخات و دێن بەلافیتەو فلێکسی گەورە لە سلێمانی و هەولێرو کەرکوك و شارەکانی تری کوردستان بڵاوی ئەکەنەوەو لە سەری نوسراوە (ئێمە عیراقین) بەبێ ئەوەی کە ئەم جوملە سەرەتانیە یەك تۆزقاڵ خەممان باتێ، باشە دەسەڵاتی خەوتووی حکومی و حیزبیمان لە کوێن وبەرپرسان ئەو ریکلامە توندرەوە عەرەبیە نابینن کە هەموو کورد ئەکاتەوە بە عیراقی و شوناسی کورد بوون و کوردستانی گەورەو سنوری جوگرافی و ئینتیمای نیشتیمانیمان لەبیر ئەباتەوەو بەجارێ ئەمانباتەوە بۆ خاڵی سفر؟ لەکوێی شارێکی عەرەبیدا کورد ئەتوانێ بە دێڕێك بڵێ کوردەکانیش خاوەنی نیشتیمانی خۆیانن؟ یان کورد بە سیستمی فیدراڵی ئەوەتان لە عیراقدا ئەگینا خاوەن زمان و خاك و مێژووی دەوڵەتی خۆیانن؟ باشە ئەوە دەسەڵات لەبەرانبەر ئەو هەموو سوکایەتیەدا بە تاکی کوردی بۆچی بێدەنگە و گوێ قوڵاخی چیە؟ ئەبێ دەسەڵاتی کوردی بزانێ ئێمە هیچ وەخت عیراقی نەبوین و ناشبین و ئەوەش بەناوی ئێمەوە لێرەو لەوێ قسە ئەکات ئەوە خەمی نەتەوەی گەورەی نییەو نیشتیمان وەك مەزادخانە سەیرئەکات، یان رەنگە بۆچوونی بەرپرسە باڵاکان بن کە دانیشتووی بەغدان و هەر رۆژەی بە جۆرێك دەستکاری گوتارو دروشم و ئایندەی کورد ئەکەن و بە میزاجی خۆیان جارێك ئەمانکەنە دۆستی عیراق و جارێکی دیکەش ئەمانکەنە دوژمن و دواجار ئەنفال و هەڵەبجە بەرهەم دێننەوە،

ئێمە گەر عیراقی بین و رازین بەو دروشمەو زات ئەکەن بۆ چی بەرەسمی ئیعلانی ناکەن؟ خۆ پەرلەمان ناوەندی شەرعی و یاسادانانەو هێزی یاسای کوردە؟ باشە گەلی کورد بۆچی شەهیدی بەخشی و شۆڕشی کردو قوربانی و خوێنیشی دا؟ ئەگەر عیراقین بادەسەڵاتی کوردی زەحمەت نەبێ پێمان بڵێت ئیتر ئەوەندە شانازی بە شۆرش و شەهیدو قوربانیانمانەوە نەکەین و دەزگا قەبەو ساختەکان کە بەو ناوەوە دروست کراون هەڵوەشێننەوەو ئەوەندەش خۆمان هەڵنەواسین بە حیکایەت و سیناریۆکانی شاخ و ئەوەندەش باس لە چەمکی قارەمانێتی نەکەین، چونکە هەموو ئەوانە بۆ ئەوەبوو کە ئێمە بڵێین عیراقی نین و کوردستانین و لە خاکێکدا ئەژین کە جیاوازە لە خاکی عروبەو جیاوازە لە خاکی ئەو دەوڵەتەی کە بە خوێن و ئێسك و پروسکی نەتەوەیەکی پەرتەوازەی وەکو کورد دروستکراو حورمەت و ئازادی و زمانی بۆ سێ چارەکە سەدە لێسەندەوە، وە لەبەرانبەر نەتەوەی باڵادەست و زۆرینەدا بێرێزو بێ حورمەتی کرد، ئایا ئەم بەناو دەوڵەتە تازەیەی پاش 9ی نیسانی 2003 بە کوردەکانی خۆشمانەوە ئەتوانێ قەرەبووی هەموو ئەو زیانە رۆحی مەعنەوی و ئەخلاقیانەی رابردوومان بۆ بکاتەوە؟

ئەو ریکلامەی کە لە شەقامەکانی سلێمانی و هەولێردا زاخاوی چاوو مێشکمان ئەدات، یان لێدوانی ئەو بەرپرسانەی کە بۆ گەشت و رابواردنێ ئەچنە ئەوروپاو ئەمریکاو کوردە تاراوگەییەکان ئەکەنەوە بە عێراقی، ئەوە تەئکیدکردنەوەیەکی شۆڤێنیانەی زیرەکانەیە تا بەنەرمی بڵێن کورد بۆی نییە خاوەنی گوتاری کوردانەی خۆی بێت و دەلالەتی ئەوەیە کە ئێمە تائێستاش شتێکمان نییە بەناوی پرۆژەی سیاسی کوردی و ئێستاش ئەوەتاین لەبەردەم نەشتەری پاکتاوی رەگەزی وئێستاش مەحکومین بە رژێمێکی نەگۆری ئیستیبدادی بەناو دیموکراسییەوە،هەر ئەو ریکلامانە بۆخۆی سەرەتایەکی باشن تا ئێمە بەعسێکی تر بناسین و ئاشنابین بە دەوڵەتێکی تری سەرکوتکەرو تۆتالیتار کە پێی ئەوترێت عیراق و کورد تیایدا وجودێکی ئەنتۆلۆژی نییەو پێشمان ئەڵێت رەنگە پرۆسەی ئەنفال بە نەوعێکی تر درێژەی هەبێت بۆ تواندنەوەی کولتورو زمان و نیشتیمانی کوردی.

لەکاتێکدا ئێمە ئەبێت وەکو کورد مامەڵە بکەین و سیاسەتی کوردانەی خۆمان دارێژین بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان و لە دەرەوەی ئەم هەرێمەدا رێگە نەدەین بە عیراقیمان بزانن و سوکایەتی بەو ئەزموونە سیاسیانەمان بکەن و بەزۆر بمانکەنەوە بە ماڵی شپرزەی عیراقداو بەزۆریش بمانخەنە سەر نەتەوەی عەرەب و بەبەشێك لە نیشتیمانی عەرەبیمان بزانن، چونکە ئەبێت عەرەبەکانی عیراق پێش هەر کەس ئەو راستیە بزانن کورد خاوەنی کوردستانی گەورەیەو بەشێکیشە لە نەتەوەی گەورەی کورد و هەرگیز عیراقی نەبوین و ناشبین و گرنگە دەسەڵاتی کورد.....

1- سنورێك بۆ لێدوان و پەیڤینەکانی خۆی و تەنانەت ئەو ریکلامانە دابنێ کە ئەمانکەنەوە بە ماڵی ئەبوجەهلا.

2- دەسەڵات چاودێربێ لە ئاست ئەو درزانەی کە رۆژ بەرۆژ ئەخرێتە جەستەی شەکەتی کوردیمان و بەرپرسانی بەغداش لێی بێئاگاو خەم ساردن.

3- با سەرکردایەتی کورد بزانێ هەستگەلێکی شۆرشگێری کوردیانەی وا هەیە کە بە هیچ پۆستێکی وەك سەرۆکی کۆمار یان خاریجیەی عیراقی کاڵ نابێتەوەو بەو ئاسانیەش نابێتە عیراقی چونکە کورد هەر کوردە نەك عیراقی.